www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:01 2006-10-4

## گرێ دەروونیەکان گوناهە گرێ و گەڕان بەدوای سزادا... توێژەری دەروونی: سامان سیوەیلی

ئەڵمانیا

گرێ ی دەروونی کۆمەڵێکی تێکەڵاوە لە بیرەوەری و ڕووداوی چەپێندراو (1) کە بارگاوین بە هەڵچوونی بەهێزی وەک ترس، تۆقاندن، تووڕە بوون، بێز لێکردنەوە، ڕق لێبوون، کینە کێشی (ئیرەیی) 2، هەست کردن بە کەمسەری یان گوناه.

گرێ ی دەروونی ئامادەگیەکی نەستی چەپێندراوە کە شێوازی ناوازە لە ڕەفتار وهەست و بیرکردنەوە دەسەپێنێت بەسەر تاکدا.

دەروونە گرێ ڕەنگە لە خورپەیەکی هەڵچوونیەوە دروست بێت یان لەچەند بەسەرهاتێکی پڕ ژان و ئازاری فرەبارەبووەوە یان لەئەنجامی پەروەردەیەکی چەوت و نارێکی سەردەمی منالیەوە وەک سەرکوتکردن و ترساندنی زۆر، نازدانی زۆر، گوناهبارکردنی زۆربەجۆرێک ئەوهەستە لەمنالدا دروست بکرێت کە هەر ڕەفتارێک ئەو ئەنجامی ئەدات هەڵەیە و گوناهبارە، ... هتد.

ئەم شێوازە چەوتانە لە پەروەردەدا دەبنە هۆی خولقاندنی چەندین سۆزی ڕوخێنەرو وێرانکەر لە دەروونی منالدا وەک هەستکردن بە دڵەڕاوکێ.. گوناه.. کەمسەری.. ڕقاوی بوون.. کینە کێشی. ئەم هەست و سۆزانەش بارێکی گران دروست ئەکەن لەسەر دەروون بۆیە دەچەپێندرێن و لە نەستی (3) منالەکەدا دەمێنێتەوە، لە ئاکامدا گرێیەک یان چەند گرێیەکی دەروونی لێدەکەوێتەوە.

دەروونە گرێ ئامادەگیەکی نەستیە کەسی هەڵگری گرێکە پەی بە بوونی و بە سەرچاوەکەی نابات، بەڵکو ئەوەی هەستی پێدەکات تەنها شوێنەوارو کارتێکەرەکانی گرێکەیە لەسەر ڕەفتاروهەست و جەستەی وەک ئەو دڵەڕاوکێیەی هەراسانی دەکات یان ئەو پەشێویانەی تووشی فەرمانەکانی گەدە یان دڵ یان هەناسە و... هتد-ی دەبن. گرێ ی دەروونی مانای نەخۆشی دەروونی ناگەیێنێت هەروەکو خەڵکی ئاسایی لێکی ئەدەنەوە، وە مەرج نیە هەرکەسێک هەڵگری گرێی دەروونی بێت ئەوا تووشی نەخۆشی دەروونی

1

دەبێت. بەڵکو بوونی گرێی دەروونی زەمینە خۆشکەرێکە بۆ تووش بوون بە نەخۆشی دەروونی ئەگەر فاکتەری تر بۆ تووش بوون ئامادەیی هەبێت وەک بۆماوە یان هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان و... هتد. ئەوەی شایانی ئاماژە بۆکردنە مەترسیدارترین گرێ و ڕێخۆشکەرترینیان بۆ تووش بوون بە نەخۆشی و پەشێویەکانی کەسێتی ئەو گرێیانەن کە لەسەردەمی منالیدا دروست دەبن بەتایبەتی لە ئەنجامی پەیوەندی منال لەگەڵ باوانیدا. ئەو توخمانەی دەروونە گرێ پێک دەهێنن ڕەنگە بەتەواوی یاخود بەشێکی لەبیری کەسە گرێیاویەکە بچنەوە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، بەڵام لەزۆربارردا ئەوەی لەبیر دەچێتەوە بریتیە لە وردەکاریەکانی ئەو بابەتە یان ئەو ڕووداوە یان ئەو توخمانەی دەروونە گرێکەیان پێک هێناوە.

گرێی دەروونی یان بەناوی ئەو هەڵچوونەوە ناوزەد دەکرێت کە زاڵە بەسەر بارە دەروونیەکەدا وەک گوناهە گرێ و گرێ ی کینە کێشی، یاخود بەناوی ئەو بابەتەی بۆتە تەوەری گرێکە ناوزەد دەکرێت وەک گرێ ی دایک کە ناو دەبرێت بە ئۆدیبە گرێ، گرێ ی باوک، گرێ ی باوەژن و بەمجۆرە.

نموونەیەک بۆ دەروونە گرێ

خانمێکی لاو (س) کە پیشەی مامۆستا بوو، وەک سروشتی خۆی هێمن و گۆشەگیر بوو، ئەم خانمە هەرچەندە بەتەنیا بووایە لە ژوورەکەیدا ڕووبەڕووی ترسێکی هێجگار بە تین دەبووەوە لەوەی کەسێک

لەپشتیەوە بێت یان لە پەنایەکی ژوورەکەیدا کەسێک خۆی حەشار دابێت، ناچار زوو زوو ئاوڕی ئەدایەوە بۆ پشتەوەی خۆی و بەملاوئەولای خۆیدا دەیڕوانی، هەتا بەترسەوە ئەکەوتە پشکنینی پەناو پاساری ژورەکەی. هەرچەندە (س) دانی بە پڕوپوچی ئەم کردەوە سەپێندراوەی خۆیدا دەنا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بە ناچار دەزانی کە بەم کردەوانە هەستێت چونکە بۆی دەبووە دەرچەیەک لەو ترسە بەتینەی تووشی دەهات. کاتێک (س) خرایە ژێر پشکنین و شیتەڵی دەروونیەوە (4) و دوای ئەوەی لە مێژووی ژیانی کۆڵرایەوە، توانرا دەستنیشانی هۆکارو سەرچاوەی ئەم گرێ دەروونیەی بکرێت کە لە ئەنجامی ڕووداوێکی ترسناکی سەردەمی منالّیەوە لە دەروونی (س) دا درووست بووبوو، پوختەکەیشی ئەمەیە { کاتێک (س) منالْ بووە خوشکێکی گەورەی سزای داوە، سزاکەش بریتی بووە لە بەند کردنی (س) لەناو پێشاو-wc- ێکی
تاریکی ماڵەوەیاندا، دەرگای پێشاوەکەی لەسەر دادەخات و بە تەنها جێی
2
دەهێڵێت و بۆ خۆی دەچێتە دەرەوەی ماڵ و لەو دەمەشدا ماڵ کەسی تری لێ نابێت. (س) تووشی ترسێکی هێجگار بەتین هاتووە، لەترساندا هەمیشە ئاوڕی بەملاو ئەولای خۆیدا داوەتەوە لەناو ئەو پێشاوە تاریکەی بۆی کراوەتە بەندیخانە }. ئەم ڕووداوە کە (س) بەتەواوی لە بیری چووبۆوە، کاتێک هاتەوە یادی لەو دانیشتنە چارەسەرسازیەدا تووشی خورپەیەکی ترسی بەتین هاتەوە. لێرەدا ئەو ترسە چەپێندراوەی چەندین ساڵ بوو لە نەستی (س) دا شاراوەو خۆی حەشار دابوو و کاری لە ڕەفتاری کردبوو لێی جودا بۆوە و ئەو کردە سەپێندراوەی (5) هەمیشە پێی هەڵدەستا لەئەنجامی بوونی ئەم گرێیەوە ئەویش بەهەمان شێوە نەما.

## گوناهە گرێ

جۆرێکە لە گرێ دەروونیەکان. ئامادەگیەکی نەستیە (6) کەهەست کردنێکی ناوازە بەگوناهباری دەسەپێنێت بەسەر تاکدا یاخود ناچاری دەکات کەهەستێت بە کردەوەی هەمەجۆر لە ئازاردان و سزادانی خودی خۆی یان بێ نرخکردن و کەم ڕاگرتنی خودی خۆی وەک باجدانێک بۆ ئەو گوناهانەی پێی وایە ئەنجامی داوە.

ئەم گرێیە لەسەردەمی قۆناغەکانی سەرەتای منالّیەوە دروست دەبێت لە ئەنجامی شێوازی پەروەردەیی چەوتەوە کە تیایدا زیاد ڕەوی دەکرێت لەسەرزەنشت کردن و گوناهبارکردن و سزادانی منالْدا بەجۆرێک ئەو هەستە لای منالْ دروست دەکرێت کە گوناهبارە لەهەموو ڕەفتارو گوفتارێکدا، یاخود بە گەورە کردنی هەڵەکانی منالْ و بێ نرخکردنی ڕەفتارە چاکەکانی، ئەم شێواز و مامەڵە هەڵەیەش بە ڕۆڵی خۆی دەبێتە هۆی شێواندنی ویژدان (ویژدان ئەو دەسەڵاتە دەروونیەیە کە ڕەخنەمان لێدەگرێت سزامان ئەدات هەرکاتێک لاماندا لە ویستەکانی ئەو) بەجۆرێک کە قەڵەمرەوی ئەم ویژدانە شێواوە بەسەر تاکدا وەهای لێدێت کە لەسەر شتی پڕوپوچ و هەڵەی ئاسایی تەنانەت لەسەر جوڵەیەکیش لە تاکەکە دەپرسێتەوە و سزای ئەدات. هەروەها هەمان ویژدانی پیس بوو زیاد ڕەوی دەکات لە فەرمانکردن بەسەر تاکەکەدا،

جا ئەم فەرمان پێکردنە بۆ ئەنجامدان یاخود ڕێگرتن لە ئەنجامدانی هەر کارێک، بەچەشنێک خاوەنی ئەم ویژدانە پیس بووانە زۆر لە خودی خۆیان ئەپرسنەوە لەسەر هەموو کردارو گوفتارێک، زۆر نیگەران دەبن لە کردەوەکانیان یاخود لە بیرکردنەوەکانیان، بچوکترین هەڵەی خۆیان بە
3
گوناهێکی گەورە لە قەڵەم ئەدەن کە لێخۆشبوونی نەبێت، سەرزەنشتی خودی خۆیان لەسەر کردەوەی وەها دەکەن کە لەلای خەڵکی ئەو کردەوەیە ئاساییە و شایستەی سەرزەنشت کردن نیە، هەمیشە

هەستێکی نادیار هاوەڵیان دەکات بەوەی گوناهبارو خراپە کارن. تاک لەم بارانەدا هیچ دەربارەی بنەچە و بنەمای ئەم هەستە نادیارو شاراوەیەی نازانێت. لەم بارەدا بەم جۆرە کەسانە دەگوترێت گوناهە گرێیان هەیە.

دەشێت گوناهە گرێ جگە لە قۆناغی منالی و لەژێر کاریگەری خێزاندا، لە قۆناغەکانی پێشەوە تری ژیانی تاکدا دروست ببێت لەژێر کاریگەری دەزگا و ڕێکخراو و گروپی تردا. گوناهە گرێ جیاوازە لە هەست کردنێکی ئاسایی بە گوناهباری کە لەئاکامی ئەنجامدانی ڕەفتارێکەوە دەخوڵقێت کە ویژدانمان پێی ڕەزامەند نیە. لە گوناهە گرێدا هەست کردن بەگوناهباری هەستێکی ناوازەیە بەشەرم و سوکایەتی و بێزکردنەوە لەخود، ئەم هەستە ناوازەیەش دەرهاویشتەی ویژدانێکە کە توندوتیژی و سەرکوتکردنی زۆر پەکی خستووە و نەیهێشتووە گەشە بکات و پێ بگات، بۆیە هەر بە ویژدانێکی منالانە ماوەتەوە و لێپرسینەوە لە تاکێکی گەورە دەکات هەروەکو چۆن ئەو تاکە لە سەردەمی منالێتی خۆیدا لەسەر شتی پڕوپوچ لێی پرسراوەتەوە.

ئەو دەمانەی کە ئەو ویژدانە نەگەییوە هاوبەند بوو لەگەڵ ئارەزوو و سۆزی چەپێندراو و ڕێگە پێنەدراوی وەک ڕق لێبوونەوە لە باوک یان برا، کینە کێشی لە برای بچوک و بەئاوات خواستنی مردن بۆی، ئارەزووی سێکسیانە بەرامبەر کەسێک کە لەڕووی پەیوەندی خێزانیەوە قەدەغە و ڕێگە پێنەدراو و نەشیاو بێت و... هتد، ئەوا لەم بارانەدا گوناهە گرێ زۆر تاو دەستێنێ و توندوتیژتر خۆی دەنوێنێت.

## گوناهە گرێ و گەڕان بە دوای سزادا

کاتێک منالێک هەڵەیەک ئەنجام ئەدات دوور لە چاوی باوانیەوە ئەوا ئەو منالە لەبارێکی دڵەڕاوکێ و نائارامیدا دەمێنێتەوە، ئەم بارە نائاساییە لای منالەکە کۆتایی پێنایەت هەتاکو لەبەردەم باوانیدا دان بە گوناهەکەیدا نەنێت سزای خۆی وەرنەگرێت (هەر جۆرێکی سزا بێت) . هەندێک جارئەو ڕەفتارەمان لە منالدا بەدی کردووە کاتێک دایکی لە ژوورێکی ترە یان لە دەرەوەی ماڵە و منالەکە کەلوپەلێکی بەنرخی ناوماڵ دەشکێنێت، ئیدی ئەو منالە ئۆقرەی لێهەڵدەگیرێت، کاتێک دایکی دێتەوە بێ سێ و دوو بەرەو ڕووی دەچێت و بە

4

شپرزەییەوە ئاگاداری دەکات و هەندێک جار پەنا بۆ درۆ دەبات و دەڵێت خۆی شکا یان پشیلەکە شکاندی یان ئەم کارە دەخاتە ملی خوشکێک یان برایەکی بچوکتر لە خۆی، کاتێک دایکەکە لێی ئەدات یان سەرزەنشتی دەکات ئیدی ئارامی دەگەڕێتەوە بۆ دەروونی منالەکە. بەهەمان شێوە کەسی تووش بوو بە گوناهە گرێ ناتوانێت باری شانی خۆی سووک بکات لەو هەستە شاراوەیەی بە گوناهباری کە هاوەڵی دەکات و فشارێکی قورسە لەسەر دەروونی، ناچار پەنا بۆ دەروازەیەک دەبات کە ئارامی پێببەخشێت ئەویش لەڕێگای سزادانی خودی خۆیەتی یان بە دەربڕینێکی تر لەڕێگای سزا نۆشینەوەیە. ئەم سزا نۆشینەش یان لەلایەنی مادیەوە یان مەعنەویەوە یاخود لەڕێگای هەردووکیانەوە دەبێت، بەجۆرێک کە وەها دەرناکەوێت لە کەسەکەدا ئەم سزادانەی خود بە مەبەست بێت واتە کەسەکە خودی خۆی مەبەستی ئەم سزا نۆشینە بێت. بۆ نموونە ئەم جۆرە کەسانە خۆیان تێوە دەگلێنن لە کێشە و گیروگرفتی دارایی یان پیشەیی یان خێزانیەوە کە تیایاندا کەسەکە هیچی چنگ ناکەوێت جگە لە دەردەسەری ئەشکەنجە و ناوزڕان و ماندووبوون. تەنانەت هەندێک جار ئەم کەسانە تووڕەیی و شەڕەنگێزی کەسانی تر یاخود کۆمەڵگا لەخۆیان دەوروژێنن ئەویش لەڕێگای ئەنجامدانی تاوانەوە، وەهەرکاتێک لەم کەنالانەوە سزای وەرگرت ئەوا ئارامی پێدەبەخشرێت و ئەو پەشێوی و شپرزەییەی لێی دەترسێت تووشی بێت دەرەوێتەوە. لەم بارەدا ڕەفتاری کەسی تووش بوو بە گوناهە گرێ وەها بەرجەستە دەبێت کە هەمیشە پێویستی بە سزادانی خودی خۆی هەبێت.

سزای مادی وەک ئەنجامدانی تاوان یاخود گیرۆدە بوون بە مادە بێهۆشکەرەکان یان خۆ زامدارکردن بە چەقۆو گوێزان و ئامێری تر یان بە فەراموشکردنی لایەنی تەندروستی خۆی و خۆ چارەسەر نەکردن و... هتد. سزای مەعنەویش وەک ئەنجامدانی هەر ڕەفتارێک کە ببێتە مایەی لەکەدار بوون و ناوزڕاندن، یان خۆگێل کردن لە قۆستنەوەی ئەو هەلانەی بە کەڵکی دێن و سوودی پێدەگەیەنن یاخود بە خۆتەمەڵ کردن گوێ نەدان بە کارو پیشە یان بە پەسەندکردنی سوکایەتی پێکردن یاخود بینینی لایەنی شەڕ و نێگەتیفی هەموو کاروبارێک. نابێت ئەوەش لەیاد بکرێت کە خۆکوشتن بەرزترین پلەی سزادانی خودە.
قوتابخانەی دەروون شیتەڵی پێی وایە کە ئەنجامدانی تاوان لای هەندێک کەس ئامرازێکە بۆ سزادانی خودی خۆیان بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئەو فشارو بارگرانیە دەروونیەی دەرئەنجامی گوناهە گرێکانیانە، ئەویش لە ڕێگای ئەو
5

سزایانەی لە ئاکامی ئەنجامدانی تاوانەکانیانەوە وەریدەگرن. لەچوارچێوەی کارکردنم وەک لێکۆڵەرێک لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەوجەوانان لە شاری سلێمانی لەگەڵ ئەو نەوجەوانانەی تووشی لادان یاخود تاوان هاتبوون لە سلێمانی و شارۆچکەو ناوچەکانی دەوروبەری و لەبەر ڕۆشنایی لێکدانەوەکانی قوتابخانەی دەروون شیتەڵی (7) ئەم ڕاستیانەم لەلا گەڵاڵە بوو:
1- هەندێک لەو نەوجەوانانەی کە بەند دەبوون و لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا دەبوون زۆر بە تامەزرۆوە پرسیاریان دەکرد سەبارەت بەو مادە یاساییانەی پێی بەند کرا بوون و ئەو سزایانەی وەریدەگرن واتە ماوەی حوکمدانیان، هەروەها ئەوانەی لەمجۆرە بوون بە پەرۆش بوون بۆ ڕۆژی دادگایی کردن و دەرچوونی بڕیاری دادوەر و بەند کردنیان بە پێی ئەو تاوانانەی ئەنجامیان دابوو، وەک ئەوەی وێڵ بن بە دوای سزادا. لە کاتێدا ئەو نەوجەوانانەی کە ڕێکەوت یان ڕەوشێکی تایبەتی تووشی لادانی کردبوون، شەرم و پەشیمانی و پەرۆش بوون بۆ لێبوردن و ڕزگاربوون زۆر بە سانایی بە گوفتار و ڕەفتارو سیمایانەوە دیار بوو.
2- ئەو نەوجەوانانەی گوناهە گرێ وەک پاڵنەرێکی نەستی زاڵ بوو لەسەر تاوانەکانیان زۆربەیان دوای ئازاد بوون لەو سزایانەی بەسەریان دەبرد لە فەرمانگەی چاککردنی کۆمەڵایەتی، دەگەڕانەوە بۆ ئەنجامدانی تاوان و جارێکی تر یان زیاتر لە جارێک خۆیان دەخستە داوی یاسا، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێتەوە کە ئەو نەوجەوانانە هەمیشە دەگەڕان بە دوای سزادا چونکە بەتوندی دەیاننالاند لەدەست دەروونە گرێ.
3- ئەو نەوجەوانانەی دەروونە گرێ -گوناهە گرێ – پاڵی پێوە نابوون بۆ ئەنجامدانی تاوان لە زۆربەی باردا سەرەداویان بەجێ دەهێشت لەپاش ئەنجامدانی تاوانەکانیان بەمەبەستی ئاشکرا بوونیان، وەک ئەوەی بە دەستی خۆیان خۆیان ئاشکرا بکەن بۆ ئەوەی دەستگیر بکرێن ئەو سزایە وەربگرن کە ئاسوودەیان دەکات و وێڵن بە دوایدا.
4- ئەو نەوجەوانانەی لەمجۆرە بوون هەمیشە هاوکار بوون لەگەڵ لێکۆڵەردا و بەسانایی زانیاریان ئەدا بەدەستەوە سەبارەت بە تاوانەکانیان، بە بۆچوونی من ئەوانەی لەمجۆرەن خۆیان بە نەخۆش و لێکۆڵەریاخود دادوەر بەو پزیشکە لەقەڵەم ئەدەن کە چارەسەریان دەکات.
5- ئەو نەوجەوانانەی لەمجۆرە بوون، لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا و لەناو ژوورەکانی تێبینی لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەوجەوانان هەمیشە لاساری زۆریان دەکرد و لە ڕێنماییەکان دەردەچوون و دەبوونە مایەی بێزاری و سەر
6

ئێشە بۆ نەوجەوانەکانی هاوژووریان تاکو سکاڵایان لەدەست بکەن و سزا بدرێن، هەروەها هەوڵیان ئەدا کەرەسەی زامدارکار بەدەست بهێنن بەمەبەستی خۆ زامدارکردن وەک سزا نۆشینێک.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستیانەی ئاماژەیان بۆ کرا با لەم سێ نموونەیە بڕوانین کە خۆم کاری لێکۆڵینەوەم لەگەڵ نموونەی دووەم و سێیەمدا ئەنجام داوە:

یەکەم / لەکاتی دەرچوونی بڕیارێکی لێبووردن بۆ ئەو نەوجەوانانەی ماوەی حوکمیان بەسەر دەبرد لە فەرمانگەی چاککردنی کۆمەڵایەتی لە سلێمانی لە ساڵی 2... دا، لەدوا شەودا کە نەوجەوانان خۆیان ئامادە دەکرد کە بۆ ڕۆژی دوایی ئازاد دەکرێن و دەچنەوە ناو کەس و کاریان، لەدوا ساتەکانی ئەو شەوەدا دوو نەوجەوان دەست درێژی سێکسی دەکەنە سەر نەوجەوانێکی بە تەمەن بچوکتر لەخۆیان لەناو پێشاوی بەشەکەیاندا، بۆ ڕۆژی دوایی لەکاتی ڕێوڕەسمی ئازادکردنیاندا نەوجەوانە دەست درێژی لێکراوەکە دەست بەجێ سکاڵای لە دژیان تۆمار کرد و لەپاش لێکۆڵینەوە دادوەر سەرلەنوێ حوکمی هەردوو نەوجەوانەکەی دایەوە و بۆ تەنها ساتێکیش ئازاد بوونیان بە خۆیان ڕەوا نەبینی.

دووەم / نەوجەوانێکی تەمەن چواردە ساڵ (ن)، دانیشتووی یەکێک لە شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی بوو، ئەم هەرزەکارە دزی لە ماڵێکی دراوسێی خۆیان کردبوو لەکاتێکدا ئافرەتی ئەو ماڵە بە میوانداری لە ماڵی (ن) دەبێت و هاوسەرەکەیشی لە بازاڕ بووە. دزیەکەش بریتی بوو لە بردنی بڕی 3... دینار لە جۆری دراوی 25 دیناری چاپی سویسری، ئەگەر چی ئەم دراوە لەو دەمەدا و بەچەند ساڵێک پێش تریش مامەڵەی پێنەدەکرا و ڕژێمی دیکتاتۆری ئەوکاتی عێراق بە بڕیارێک لەکارپێکردنی خستبوو بەڵام لە کوردستان ئەو کەسانەی لەمجۆرە دراوەیان هەبوو زۆربەیان لە ماڵەکانیاندا هەڵیانگرتبوو بەو ئومێدەی لە پاشەڕۆژدا بکەوێتەوە بازاڕ، وە لەکاتی ئەم ڕووداوەشدا ئەم دراوە بە ئاڵوگۆڕ لەگەڵ دراوەکانی تر (دەیی و پێنجی) نرخێکی زۆر کەمی دەکرد. (ن) کاتێک ئەم بڕە پارەیە لە ماڵەکە دەهێنێتە دەرەوە و دەیبات بەرەو بازاڕی پارە گۆڕینەوە لە شارۆچکەکەیاندا، (ئەوەی مایەی تێڕامان و سەرنج ڕاکێشانە) هەر لەبەردەمی ماڵەکەوە هەتاکو بازاڕ نزیکەی 24... دیناری لێبەخشیبوو بە مناڵانی گەڕەک و ئەوانەی لەسەر ڕێگایدا پێیگەیشتبوون، بڕێکیش لەو 24... دینارەی فڕێدا بوو هەر لەبەردەمی ماڵەکەوە هەتا بازاڕ، کاتێک دەگاتە بازاڕ تەنها بڕی6... دیناری

7

پێدەمێنێ، دەیگۆڕێتەوە بە دراوی پێنجی و دەیی بە نرخێکی هێجگار کەم.

سێیەم / نەوجەوانێکی تەمەن پانزە ساڵ (م) دانیشتووی یەکێک لە گەڕەکە چڕەکانی شاری سلێمانی بوو، بە شێوازێکی سەیرو سەمەرە دزی لە دوکانێکی جگەرە فرۆشتن کردبوو لە بازاڕی جگەرە فرۆشانی سەروو مزگەوتی گەورە، بڕی جگەرە دزراوەکان بریتی بوو لە دوو کارتۆن جگەرە. ئەم ڕووداوە لە بەرەبەیانێکی زۆر زوودا ڕوویدابوو پێش بازاڕ کردنەوە. (م) دەست بەجێ جگەرەکان دەگوێزێتەوە بۆ دوکانێکی لاکۆڵان لە نزیک ماڵی خۆیان، پاش دوو کاژێر کە بازاڕ دەکرێتەوە، (م) دێتەوە هەمان بازاڕی جگەرە فرۆشان و بەناوجگەرە فرۆشەکاندا دەگەڕێت و ڕایدەگەیەنێت کە دوو کارتۆن جگەرەی هەیە و لە مامەڵەدا ئەو نرخەی دەیڵێت زۆر هەرزانترە لەچاو نرخی بازاڕدا.

ئەم سێ نموونەیە کە پاڵنەری نەستی ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە لایەک لە ئەنجامدانی تاوانەکان، لە لایەکی ترەوە لە خۆ ئاشکرا کردن بە مەبەستی دەستگیرکردنیان. تەنانەت (م) لەسەروبەندی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا لەسەر تاوانی ئاماژە بۆکراو، زۆر بە سانایی و بەبێ ئەوەی هیچ گوشارێکی بخرێتە سەر دانی بە دوو تاوانی دزی تردا نا کە پێشترو لە کاتی جیاوازدا ئەنجامی دابوو، وەک ئەوەی بڵێت ئەی هاوار من تاوانبارم سزام بدەن... سزا.

< > < > < > < >

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشمان، ئایا ئەو پێوەرە چیە کە تاک ڕەفتارو گوفتارەکانی خۆی لەبەر ڕۆشنایی ئەودا لێک دەداتەوە تاکو بە گوناە یاخود بە بەدی لەقەڵەم بدات یان بە پێچەوانەوە بە پەسەند و چاکی لەقەڵەم بدات؟ وە ئایا بۆ ئەو پێوەرە تەنها یەک سەرچاوە هەیە یاخود دەشێت فرە سەرچاوە بێت؟ لە وەڵامدا دەڵێین ئەو پێوەرە ویژدانە یاخود ئەو دەسەڵاتە دادیە مۆراڵیەی کەسێتیە کە بە زاراوە دەروونناسیەکەی بە خۆمەکی باڵا - superego – ناسراوە و پێک هاتووە لە (منی نموونەیی + ویژدان)، کە جێگرەوەی دەسەڵاتی باوانە. کاتێک باوان (دایک و باوک) لە ڕێگای پاداشت و سزاوە ئەرێ و نەرێکانیان دەسەپێنن بەسەر خودی منالدا کە بێگومان باوانیش لە ئەنجامی ئەرێ و نەرێکانی باوانی خۆیان لەسەردەمی منالی و قۆناغەکانی تری پاش منالی و لە دەرهاویشتەی دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتی و مۆراڵیەکانی کۆمەڵگاوە یاخود لە کولتوری کۆمەڵگاوە ئەو پێوەرەیان لاخوڵقاوە. واتە باوان هەوڵی گوێزانەوەی خۆمەکی باڵای خۆیان ئەدەن بۆ وەچەکانیان، ئەوەی باوان بە چاک و خێری دەزانن هانی منالەکانیان ئەدەن بۆ
8

دووپاتکردنەوە و ڕەفتارپێکردنی یاخود پاداشتی مادی یان مەعنەویان دەکەن، وە ئەوەی ئەوان بە هەڵە و گوناهی دەزانن ڕێ لە ئەنجامدانی دەگرن یاخود سزای مادی یان مەعنەویان ئەدەن. بەم شێوەیە لەڕێگای پرۆسەی پەروەردەو گۆشکردنی کۆمەڵایەتیەوە ئەم دەسەڵاتە دادیەی باوان وەک چاودێرێک دەگوێزرێتەوە بۆ تاک و تاکەکە وای لێدێت دوور لە باوانیش کردارو ڕەفتارەکانی خۆی بخاتە بەر لێکدانەوەی ویژدانی و لێرەدا ئەو ڕەفتارانەی کە بە پێی ئەو پێوەرەی (دەسەڵاتەی) کە جێگرەوەی دەسەڵاتی باوانە خراپ و نەشیاوە دەکەوێتەوە لێپرسینەوە لە خودی تاکەکە و تووشی هەستکردن بە گوناە یان ژانی ویژدان یان گوناهە گرێی دەکات.

دەشێت جگە لە باوان (وەک سەرچاوەیەک) دەسەڵاتی تریش هەبێت کە کار لە دارشتنی پێکهاتەی ویژدانی تاکدا بکات وەک (هاوڕێ یاخود کۆمەڵی هاوەڵ، مامۆستایانی قوتابخانە، پیاوانی ئایینی، پارتی سیاسی، ... هتد) .

وە ڕەنگە ئەم کارتێکردنەش بە ئەندازەیەک بێت کە ئەم دەسەڵاتانە ببنە جێگرەوەی دەسەڵاتی باوان بە تایبەتی لای ئەو تاکانەی کە لە خێزانی نارێک و ناتەبا یان پڕئاژاوە و بێسەروبەر یان بێ لێپرسینەوەدا گەشە یاخود زیندەگی دەکەن. هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر ڕەفتاری تیرۆریستی بەتایبەتی ئەوانەی کە کردەوەی خۆکوژی و لەهەمان کاتدا خەڵک کوژی ئەنجام ئەدەن (ئەگەر دەستگیر بکرێن پێش ئەوەی خۆیان دەتەقێننەوە)، ئەوا بێگومان چەندین نموونەمان چنگ دەکەوێت کە ئەم ڕاستیە بسەلمێنن کە بوونی گوناهە گرێ لە دەروونی ئەو تیرۆریستانەدا هاندەری سەرەکی ئەنجامدانی کردەوەی خۆکوژی بێت لایان. کاتێک لاوێک دەکەوێتە داوی پارتێک یان گرووپێکی ئیسلامی سیاسی توندڕەووەوە، ئەم دەسەڵاتە سەرلە نوێ بینای ویژدانی بۆ دادەڕێژنەوە، بەجۆرێک کە ئەم دەسەڵاتە دەبێتە میراتگری دەسەڵاتی باوان و ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی، ئیدی ئەم لاوەکە چاک و خراپ، خێروشەڕ، ڕەش وسپی، لەبەر تیشکی ئەو پێوەرە نوێیەدا لە مەحەک ئەدات. ئەم دەسەڵاتە توند ڕەوە بەچەندین شێوازی جۆراوجۆرلاوەکە تووشی گوناهە گرێ دەکەن بەو پێودانگەی هەرچی ئەو کردوویەتی و وتوویەتی لە ڕابردوودا هەمووی ناڕاست و گوناهو تاوان بووە (چجای ئەوەی گەنجەکە لە ڕابردوودا کردەوەی پێچەوانەوەو دژ بەم پێوەرە تازەیەی بۆی داڕێژراوە ئەنجام دابێت وەک پەیوەندی سێکسی.. مەی خواردنەوە.. هتد) . هەربۆیە کاتێک گەنجەکە لەم ڕەوشە نوێیەدا باکگراوەندی ڕەفتارەکانی خۆی لەبەر تیشکی ئەو پێوەرە نوێیەدا دەپێوێت ئەوا خۆی زۆر بە گوناهبار دەبینێت و دەگاتە ئەو باوەڕەی کە

سزا نۆشین باشترین دەرمانی ئەم گوناهبارییە (لە کاتێکدا وەهای تێدەگەیەنریت کە ئەو سزا نۆشینە شەهادەتە و جگە لەوەی کە لە هەموو گوناهەکانی پاک دەبێتەوە، پاداشتیش دەکرێت لەلایەن خوداوە) . ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ هەمان پرەنسیپی گەڕان بە دوای سزادانی خود- دا، کە ئەم کردەوە تیرۆریستیانە - خۆ کوژیانە - ترۆپکی ئەو سزا نۆشینەیە.

====== ============== =====

پەراوێزەکان:

(1) چەپاندن - الکبت - پرۆسەیەکی نەستیە، واتە پرۆسەیەکە بەبێ ویست و ئیرادەی تاک ڕوودەدات، تیایدا ئەو پاڵنەرو بەسەرهات و یادەوەری و ڕووداوانە لە هەستەوە دوور دەخرێنەوە بۆ نەست کە دەبنە مایەی دڵەڕاوکێ و پەشێوی و هەستکردن بە کەمسەری یان گوناه یان شورەیی بۆ تاک.

(2) کینە کێشی - الغیره - هەستێکی بە ئازارە بۆ دەروون، دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ڕەفتاری مناڵ کە لەئەنجامی بوونی کۆسپێک لەبەردەم کۆششی مناڵ لە بەدەستهێنانی شتێکەوە پەیدا دەبێت، جا ئەو شتە خۆشەویستی دایک و باوک بێت یان سەرنج ڕاکێشانی دەوروبەر یان... هتد. گەلێک جار بەهۆی شێوازی هەڵەی پەروەردەوە لەلایەن دایک و باوکەوە ئەم هەستە تاو دەستێنێ و لە قۆناغەکانی داهاتووی ژیانی تاکدا وەک دیاردەیەکی ڕەفتاری زەق دەردەکەوێت.

(3) نەست - اللاشعور – کە پێیشی دەگوترێت ژێری ناوەکی، بریتیە لەو کۆمەڵە فاکتەروپرۆسە و پاڵنەرە چەپێندراوانەی کە کار لە ڕەفتاری تاک دەکەن بەبێ ئەوەی هەستی پێبکات. هەست و نەست دوو ناوچەی دابڕاو نین لەیەک وەک ئەوەی دوو نهۆم بن لەسەر یەک، بەڵکو دوو سیفەتن کە وەسفی فاکتەرو پرۆسە دەروونیەکانیان پێدەکرێت.

(4) دەروون شیتەڵی - التحلیل النفسی – ڕێبازێکە لە ڕێبازەکانی چارەسەری دەروونی کە ئامانجی گەڕانە بەدوای سەرچاوەی پەشێویەکان " الاچگرابات" لەنێو خورپە هەڵچوونیەکان و بەسەرهات و پاڵنەرە چەپێندراوەکانی سەردەمی قۆناغی منالی، تاکو نەخۆشەکە یان کەسە پەشێوەکە خۆی دان بە بوونیاندا بنێت و لە نەستەوە بیانهێنێتەوە هەست لەڕێگەی چەندین شێوازی وەک وەبیرهێنانەوەی ئازاد، شرۆڤە کردنی خەونەکان، ... هتد.

.1

(5) کردە سەپێنراوەکان - الافعال القسریه – مەبەست لەو کردارو هەڵسوکەوتانەیە کە وێڕای دەرک کردنی تاک بە پروپوچیان بەڵام هەر ئەنجامیان ئەدات بە شێوەیەکی بەردەوام وەک بژاردنی دارتەل (عمود) ی کارەبا لەکاتی پیادە ڕەویدا یان فرەبارکردنەوەی دەست شتن یاخود بەکارهێنانی ووشەیەک یان دەستەواژەیەک بەشێوازێکی بەردەوام لەکاتی ئاخاوتندا، یان چەند جار دەست لێدان لە دەرگا بەمەبەستی دڵنیابوون لە داخستنی یان وەک لە نموونەکەی (س) دا هاتبوو و... هتد.

(6) ئامادەگی نەستی - استعداد لاشعوری - واتە ئامادەگیەکە تاکەکە پەی بەبوونی نابات و نازانێت چۆن کاری لە ڕەفتاری کردووە، هەروەها ئامادەگیەکی چەپێندراوە.

(7) قوتابخانەی دەروون شیتەڵی - مدرسه التحلیل النفسی - دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە زانای مەزنی دەروونناسی و پزیشکی نەمسایی سیگمۆند فرۆید بوو، سەرەتای ئەم ڕێبازە بە چارەسەرکردنی دەروونیانەی هەندێک نەخۆشی دەروونی دەستی پێکرد، پاشان بووە تیۆرێک و سیستمێکی سایکۆلۆژی وەها کە کاریگەری گەورەی خوڵقاند نەک تەنها لە سایکۆلۆژیا بەڵکو لەهەموو زانستە مرۆییەکان و هونەرەکانیش وەک کۆمەڵناسی و پەروەردە و سیاسەت تا دەگاتە وێژە و هونەر و مێژووی ژیاری

مرۆڤایەتی و... هتد. ئەم قوتابخانەیە بەوە ناسراوە کە { جەخت لەسەر کاریگەری فاکتەرو پاڵنەرە نەستیەکان دەکات لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ – بایەخدانێکی زۆر بە لێکۆڵینەوەی کەسێتی ئاسایی و نائاسایی هەربۆیە بە دەروون شیتەڵی دەگوترێت زانستی کەسێتی – جەخت کردن لەسەر کاریگەری و مەترسی قۆناغی منالّی لە دارِشتنی کەسێتی تاکدا – جەخت کردنەوەی زۆرلەسەر چەمکی ڕەمەک (غریزە) ی سێکسی – فرۆید یەکەم کەس بوو هەوڵیدا پەیڕەوێکی زانستیانە لە لێکدانەوەی خەوندا پیادە بکات و تیۆرێکیشی لەمبارەیەوە دارِشت – جەخت کردنەوە لە یەکانگیری مرۆڤ واتە جەستە و دەروون تەواوکاری یەکترن }.

* تێبینی ووشەی گوناهە گرێ بەرامبەر (عقده الڑنب) بەکارهاتووە.

* بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لەم دوو سەرچاوەیە وەرگرتووە:

1- ایۆول علم النفس، د. احمد عزت راجح.

2- مبادئ علم النفس الفرويدى، كالفن – س. هول، تعريب دحام الكيال.